

زنجیرەی جوانترین چیرۆك لە فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

پیاو چاکەکە

تصوير ابو عبدالرحمن الكردي







پیاو چاکە

ناوی کتێب: زنجیرەی جوانترین چیرۆك له فەرموودەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ :(پیاو چاكەكە)

نووسینی: شادی فقیه

وەرگێڕانی: سەردار ڕەزا

پێداچوونەوەو هەڵەچنی: محەمەد مێرگەیی

نەخشەسازی ناوەوە: كۆمپیوتەری نارین (محمد علی)

چاپی یەكەم: ٢٠١٠

نۆرەو ساڵی چاپ: دووەم ٢٠١١

شوێنی چاپ: بەیروت – لوبنان

ژمارەی سپاردن: (٢٥٨٦)ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە

نارین

بۆ چاپ‌و بڵاوكردنەوە

بازاڕی زانست بۆ كتێب و چاپەمەنی

Website:www.nareenpub.com
E-mail: info@nareenpub.com

تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)

مۆبایل: ٠٠٩٦٤ ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠



المكتب الاسلامي

جوانترین چیرۆك

له فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم)

پیاو چاكه‌كه



نووسینی

شادی فقیه

وه‌رگێڕانی

سه‌ردار ڕه‌زا







کاتژمێرەکە بوو بە هەشتی شەو، ئێستا کاتە خۆشەکەی دانیشتنی شەوانە، ئیبراهیم بەخێرایی ڕۆیشت بۆ ژووری کتێبخانەکە، تەماشای کرد فاتیمەی خوشکی لەپێش ئەوەوە گەیشتۆتە ئەوێ.

ئیبراهیم: سڵاوت لێبێت خوشکەکەم.

فاتیمە: سڵاو لە تۆش بێت برا گیان، ئەمڕۆت چۆن بەسەر برد؟

ئیبراهیم: لەگەڵ هاوڕێیانمان بە پاسکیلەکانمان هەندێ گەڕاین.

فاتیمە: خۆشتان بەسەر بردووە.

ئیبراهیم: زۆر خۆشمان بەسەربرد ... بەڕاست باش بوو بیرم کەوتەوە، چاکەیەکم لەگەڵ کردوویت.

فاتیمە: چاکەی چی؟



ئیبراهیم: له یوسفی هاوڕێم زانیم کەوا ڕوقیەی خوشکی ئەو کتێبێکی وێنەداری لە تۆ خواستووە، منیش پێم گوت: بە خوشکەکەی بڵێ، کە خۆمان پێویستمان پێیەتی، بەڵکو بۆمان بنێرێتەوە.

فاتیمە: باشە ئیبراهیم چۆن تۆ لەخۆتەوە کاری وا دەکەیت؟ من داوای ئەمەم لە تۆ نەکردووە!

ئیبراهیم: ئاخر بە خوا من گومانم وابرد تۆ پێویستت پێیەتی. ئیتر پێویست ناکات لە لای ڕوقیە بمێنێتەوە.

فاتیمە: کێ دەڵێ ڕوقیە پێویستی پێی نییە و سوودی لێ نابینێ.

لەم کاتەدا هەردووکیان گوێیان لە دەنگی پێی باوکیان بوو، لە دەرگاکە نزیک دەبوویەوە، بۆیە بێدەنگ بوون.



باوك: سڵاوتان لێبێت ڕۆڵەکانم.

منداڵەکان: سڵاو لە تۆش بابەگیان .

باوك: ئەوە چیتانە؟ من گوێم لێتان بوو بە توندی قسەتان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد، پێم بڵێن باسی چیتان دەکرد؟

ئیبراهیم: بابەگیان بە خوا وابزانم من ئەمڕۆ هەڵەیەکی گەورەم کردووە. خوشك و براکە باسەکەیان بۆ باوکیان گێڕایەوە، باوك بزەیەکی گرت و گوتی:



باوك: یەکەم، ئیبراهیم کوڕی شیرینم پێش هەموو شتێك پێم خۆشە دەستخۆشی ئەو ئاکارە جوانەت لێ بکەم. ئەویش ئەوەیە کە دانت بە هەڵەکەی خۆت دنا. ئەوەش چاکترینی کارێکە، کەسێك پێی هەڵبستێ، کاتێك دەکەوینە هەڵەیەکی لەو جۆرەوە، نابێت پێداگیری لەسەر بکەین، بەڵکو داوای لێبوردن بکەین و هەوڵدەین خۆمان چاك بکەین، جارێکی تر هەڵەی لەو جۆرە دووبارە نەکەینەوە.

مناڵەکان: باشە بابەگیان ئێمەش بەڵێنت پێدەدەین، دان بە هەڵەکانماندا بنێین و هەوڵی ڕاست کردنەوەیان بدەین و سنگمان فراوان بێت، هەڵەکانیش دووبارە نەکەینەوە.

باوك: دووهەم، چیرۆکێکی زۆر جوانم لایە بۆ هەردووکتانی دەگێڕمەوە، کە بۆ ئەم گفتوگۆیەتان سوودی لێدەبینن.

مناڵەکان: کەوایە بابەگیان بۆمانی بگێڕەرەوە.



باوك: لە سەردەمی دێریندا، پیاو چاكێك هەبوو، خوای پەروەردگار ناز و نیعمەتی زۆری پێ بەخشی بوو، پیاو چاكەكەش سوپاسی خوای دەكرد لەسەر ئەو نیعمەتانە و ئەویش یارمەتی خەڵكی دەدا و لێی دەبەخشییەوە.

ڕۆژێك لە ڕۆژان یەكێك لە پیاوە بازرگانەكانی خەڵكی لادێكەیان هات بۆ لای.

بازرگانەكە: سڵاوتان لێبێت ئەی بەندەی خوا، هاتووم بۆ لات پێویستییەكم هەیە، تاوەكو بۆمی جێبەجێ بكەیت و نائومێدم نەكەیت.

پیاو چاكەكە: سڵاو لە تۆش بێت، یاخوا بەخێر بێیت هەرچیت دەوێ داوای بكە فەرموو:

بازرگانەكە: هەموو پارە و سامانەكەم لە بازرگانیدا ونكردووە، تۆش دەزانی من خاوەنی خێزانداریێكی زۆرم و منالی زۆرم هەیە. ئایا هەندێ پارەم بە قەرز دەدەیتێ، تاكو بازرگانی پێوەبكەم و خەرجی ماڵ و منالەكەمی پێ جێبەجێ بكەم. خوا بیكات دوایش پارەكانت بۆ دەگێڕمەوە.

پیاو چاكەكە: ئەی بە سەر چاوەكانم من هەموو كاتێ لە خزمەتت دام و چەندت بوێ دەت دەمێ.



بازرگانەکە: براکەم! خوای گەورە پاداشتی چاکەت بداتەوە، بەشێوەیەك کە خۆشت نەزانی لەکوێوە بۆت هاتووە.

باوك: جا پیاو چاکەکە فەرمانی کرد بە خزمەتکارێك، کە لەلای بوو، پێی گوت: ئادەی بڕۆ ئا ئەو پارەیەم بۆ بێنە ئەها لەوێدا دام ناوە.

خزمەتکارەکە پارەکەی هێنا و پیاو چاکەکە پارەکەی دا بە بازرگانەکە، پاشان سوپاسی خوای پەروەردگاری کرد.

پیاو چاکەکە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی منی کردووە بەهۆی جێبەجێ کردنی پێویستی براکەم. داوا لە خوا دەکەم هەمیشە سەرکەوتووم بکات بۆ ئەوەی پێویستییەکانی خەڵکی جێبەجێ بکەم.



باوك: ئیتر بازرگانەکە ڕۆیشت، پاش کەمێك پیاوێکی تر هات بۆ لای پیاو چاکەکە.

پیاوەکە گوتی: ئەی پیاو چاك من باری گوزەرانم ناخۆش بووە، زۆر دڵم تەنگە، جا ئێستا وا هاتووم بۆ لای تۆ، بەڵکو هەندێ پارەم بە قەرز بدەیتێ، تا باری گوزەرانمی پێ چاك بکەم.

پیاو چاکەکە: فەرموو براکەم، ئەو پارە بۆ تۆ، کەی توانات هەبوو بۆم بگەڕێنەوە.



باوك: پاشان ژنه دراوسێیەکیان هات بۆ لای و ئەویش کارێکی هەبوو.

ژنە دراوسێکە: ئەی دراوسێی چاکەکارم، ئایا هەندێ پارەم بە قەرز دەدەیتێ، تا منالە بچکۆلە هەتیوەکانمی پێ بەخێو بکەم، دوایی ئەگەر خوا کردی بۆت دەگەڕێنمەوە.

پیاو چاکەکە: فەرموو خوشکەکەم ئەم پارە بگرە، ئەو پارەیەی پێشووش کە پێم دایت لێت ناسێنمەوە و مەیهێنرەوە، ئەم پارەیەش هەر کاتێ خوای پەروەردگار کاری بۆ ئاسان کردی بۆمی بهێنەرەوە.



باوك: ئەو منداڵەی لە لای پیاو چاکەکە کاری دەکرد هەموو ئەو ڕووداوانەی بە چاوی خۆی بینی، بۆیە دەستی کردە بیرکردنەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: گەورەم پیاوێکی چاك و باشە، ئەو شەرم دەکات داوای ماف و پارەکانی خۆی لە خەڵکی بکاتەوە.

دەبێ لەمەودوا ئەو پارانەی خەڵکی لێیان قەرز کردووە بۆی کۆبکەمەوە.

باوك: خزمەتکارەکە بەخێرایی دەڕۆیشت و لە دەرگای ماڵی قەرزارەکانی دەدا، داوای پارەی پیاو چاکەکەی لێدەکردنەوە.



خزمەتکارەکە: دەبێت ئەو قەرزەی لە لاتە بیگەڕێنیتەوە بۆ گەورەکەم، کوا پارەکە؟


بازرگانەکە: بەڵام ئێستا ناتوانم هەر کاتێ کاروانەکە گەڕایەوە پارەکەی بۆ دەهێنمەوە، داوای لێ بکە تا کەمێ مۆڵەتم بدات.

باوك: پاشان خزمەتکارەکە ڕۆیشت بۆ شوێنێکی تر و گوتی:

خزمەتکارەکە: تۆ پارەت لە گەورەکەم بە قەرز وەرگرتووە و وا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە قەرزەکە بدەیتەوە.

پیاوەکە: فەرموو کوڕم ئەوە بەشێکی کەمی قەرزەکەیە و پاش ماوەیەك ئەوەی تریشی بۆ دەگەڕێنمەوە، لەبەرئەوەی ئێستا لەم کاتەدا لە نارەحەتی دام.

خزمەتکارەکە: ئەوە چییە؟ ئێوە قەرزەکە نادەنەوە، دەبێ بە گەورەکەم بڵێم لەمڕۆ بەولاوە قەرزتان پێ نەدات.



باوك: پاشان خزمەتكارەكە هەرچی كردبووی بۆ گەورەكەی گێڕایەوە.

خزمەتكارەكە: گەورەم من ڕۆیشتم بۆ لای قەرزارەكان و داوای قەرزەكانم كردەوە، بەڵام كەمێكیان قەرزەكەیان دایەوە.

پیاو چاكەكە: خوایە گیان داوای لێخۆشبوونت لێدەكەم و لێم خۆشبە، خوایە گیان خۆت دەزانی، من فەرمانی وام بەم خزمەتكارە نەكردووە كاری وابكات ... كوڕم ئەوە كێ فەرمانی پێ كردووی بەو توندوتیژییە مامەڵە لەگەڵ خەڵكیدا بكەیت؟

یەكەم: تۆ دەزانی ئەگەر بەزەییت پێیاندا بێتەوە ڕەحمیان پێ بكەیت و لێیان خۆش بوویت، ئەوا كە گەیشتیتەوە بە خوای پەروەردگار، خواش ڕەحمت پێ دەكات و لە گوناهەكانت خۆش دەبێت؟ جا ئاگاداربە جارێكی تر كاری وا دووبارە نەكەیتەوە، بەڵكو ئارامیان لەگەڵدا بگرە و چاكبە لەگەڵیان.

خزمەتكارەكە: گەورەم لێم ببوورە، لەمەودوا لێیان خۆشدەبم بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دواییدا خواش لە من خۆشببێ.



باوك: خوای پەروەردگار دوعای پیاو چاکەکەی وەرگرت و لێی خۆشبوو و خستیە بەهەشتەوە.

ئیبراهیم و فاتیمە: ئای چیرۆکێکی خۆشبوو، بابەگیان ئێمەش دەمانەوێ بەزەییمان بە هاوڕێکانمان و خەڵکیش دابێتەوە.

باوك: جا ئێستا پێویستە ئیبراهیم ئەو کتێبەی لە لاتە بیدەتەوە بە ڕوقیە.

ئیبراهیم: بەسەرچاو بابەگیان، هەتا تەواوی نەکات و لێ نەبێتەوە لێی داواناکەمەوە.

باوك: ئافەرین کوڕەکەم، خوای گەورە پاداشتی خێرت بداتەوە.




پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

((كان رجلٌ يداين الناسَ فكان يقول لفتاهُ: إذا أتيت معسرا فتجاوز عنه لعل الله أن يجاوز عنا: فلقى الله فتجاوز عنه)).

بوخاری گێڕاویەتییەوە (٢٠٨٧)

موسلیمیش گێڕاویەتییەوە (١٥١٢)

(واتە: پیاوێك هەبوو قەرزی دەدایە خەڵكی بە خزمەتكارەكەی گوت: ئەگەر قەرزدارێك هاتە لات و نەدار و بێ پارە بوو، ئەوا قەرزەكەی لێ مەسێنەرەوە و لێی خۆشبە، بەڵكو خوای پەروەردگاریش لە ئێمە خۆشبێت: كە پیاوەكە گەڕایەوە لای خوای پەروەردگار خواش لەو خۆشبوو).









ISBN 9953-29-652-9